# ناوەندی هەواڵگری فیدراسیۆنی‌سەراسەری پەنابەرانی عێراقی

## چالاکی  فیدراسیۆن و هەواڵی پەنابەری

**کوردستان**

### فیدراسیۆن پەنابەرێکی دیپۆرتکراوە لە کوردستانەوە دەگەڕێنێتەوە بەریتانیا

ریچرد ویتڵ هەڵسوراوی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی بەسکرتارێتی فیدراسیۆنی ڕاگەیاند"دوای هەوڵێکی زۆر توانیمان پەنابەر گۆران قادر بگێرینەوە بەریتانیا لەڕێگای پاریزەرەکە ی وئامادەکردنی چەندین بەڵگە بۆ دادگا سەبارەت بەو کەیسە"
ریچرد ئەوەشی ووت"ئەم پەنابەرە لەگەڵ وەجبەی  50 پەنابەری دیکەدا لە 16-2-2009 دا دیپۆرتی فرۆکەخانەی نیو دەوڵەتی هەولێر کرانەوە ،لەویش لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە وەرگیرانەوە"
گۆران لەسەردانێکدا بۆ ئۆفیسی فیدراسیۆن چاویکەوت بەسکرتێری فیدراسیۆن لەو بارەیەوە ووتی"سوپاسی هەموو ئەو هەولأنە دەکەم کەلەماوەی ڕابردووا فیدراسیۆن ئاڕاستەی کردم و ژیانمی بوژاندەوە ،کۆمەکتانکردم بە هاوسەرو منداڵەکەم شاد ببمەوە "
شایەنی باسە  گۆران لە هەولێرەوە ، ڕۆژی 21-9-2009 گەیشتەوە فرۆکەخانەی هیسرۆ لە لەندەن .

**ئۆکنتن**

### نزیك بە 25 پەنابەری کورد ماوەی 12 ڕۆژییان بۆ دیاری دەکرێت دیپۆرتی هەولێر بکرێنەوە

قانع محمد پەنابەری کوردی عێراقی لەگرتووخانەی ئۆکنت لەکامبریج وە بە سکرتاریتی فیدراسیۆنی ڕاگەیاند"ئێمە ژمارەمان 25 تا 30 پەنابەری کوردە تەنها لەم گرتووخانەیەدا ڕاگیروین ،نزیك بە 25مان نامەمان پێدراوە وماوەی 5 تا 12 ڕۆژمان بۆ دیاری کراوە دیپۆرتی فرۆکەخانەی هەولێر بکرینەوە"
قانع ئەوەشی ووت "زۆربەمان دانیشتووی جەلەولا وکەرکوك وناوچەکانی تری کوردستانیین"

**نوتینگهام**

### شەوێکی هاوپشتی لەگەڵ پەنابەرانی کوردو عێراقی لە شاری نویتگهام سازدرا

لەڕاگەیاندنێکی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی لە نوتینگهام هاتووە"شەوی شەمە 26-9 فیدراسیۆن شەوێکی هاوپشتی لەگەڵ پەنابەرانی کوردو عێراقی ئەنجامدا ،لەم شەوەدا جاسم غفور بەپرسی فیدراسیۆن لەشاری نوتینگهام لە ووتەیەکی کورتدا باسی لە هەلۆمەرجی پەنابەرانی کورد عێراقی کرد کە چۆن ئێستا لەبەردەم هێرشی

دیپۆرتکردنەوەدان لەلایەن وولاّتانی ئەوروپیەوە، لەکۆتایی قسەکانیدا داوای لەبەشدار بوانکرد بەهەستکردن بەرپرسیارێتیەکی زیاترەوە لەم هێرشانە بۆ سەر پەنابەران بڕوانن و بە ئامادەییوکی زیاترەوە لەخەبات بۆ بەرگرتن ووەستانەوە بەرامبەر بەم هێرشانە بەشداری بکەن، لەم شەوەدا میزی بلاّوکراوەکانی فیدراسیۆن وچالاکیەکانی فیدراسیۆن بەشێوەی وێنەی پیشان درا وبەخواردنو خواردنەوە و موسیقا ئەو شەوە درێژە کێشا"

## تورکیا

## سکرتێری فیدراسیۆن سەبارەت بە وون بوونی سێ پەنابەری کورد نامەیەك ئاڕاستەی حکومەتی تورکیاو رێکخراوی عفوی دووەلی وڕێکخراوی مافی مرۆڤ دەکات لە تورکیا



ڕۆژی 23-7-2009 سکرتێری فیدراسیۆن سەبارەت بە وون بوونی هەرسێ پەنابەر(هیمن کریم،سەردار عەلی،هیمن مەلا محمد) نامەیەك ئاڕاستەی حکومەتی تورکیا دەکات سەبارەت بەدیار نەمانی ئەم 3 پەنابەرە لەشاری دیاری بەکر لەساڵی 2003، لەو نامەیەدا داوای ئاشکراکردنی چارەنووسی ئەم پەنابەرانە دەکرێت.

لە وەلاّمی دا ئۆزکان ساهین سکرتێری دووهەمی باڵۆیزخانەی تورکیا دەڵێت"ئێمە ئەو زانیاریانەی لەنامەکەی ئێوەدا هاتبوو ئاڕاستەی حکومەتی تورکیامان کرد ،ئەوان تا ئێستا هیچ زانیاریەکیان لەبەردەستا نیە سەبارەت بەو سێ پەنابەرە کوردە"

لەپەیوەندیەکی تەلەفونی دەشتی جەمال لەگەڵ سەعد بومەدوحە لەرێکخراوی عفوی دووەلی سکرتێری فیدراسیۆن ووتی"ئێمە لەلایەن کەسوکاری ئەو سێ پەنابەرە دڵنیاکراوینەتەوە کە لەمانگی 7ی 2001 ئەم سێ پەنابەرە دوایین پەیوەندی تەلەفونیان بووە بەکەسوکاریانەوە کە لەشاری دیار بەکر بوون،وە پێویستە حکومەتی تورکیا لەزووترینکاتدا چارەنووسی ئەو کەسانە ئاشکرا بکات"

ڕێکخراوی عفوی دووەلی ووتی"ئێمە نامەی و زانیاریەکانی فیدراسیۆن ئاڕاستەی بەشی تورکیا رێکخراوەکەمان دەکەین و ئاگادارتان دەکەینەوە"

هەمان نامەی سکرتێری فیدراسیۆن ئاڕاستەی ژمارەیەك لەرێکخراوی مافی مرۆڤکراوە لە تورکیا.

## ئەڵمانیا

## خۆپیشاندانێکی مەزن وسەرکەوتوو لە ئەڵمانیا لە پێناو دەستەبەرکردنی مافی مانەوە بۆ دەیان هەزار پەنابەر.




نوێنەرایەتی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی ـئەڵمانیاووتي"لەژێر دروشمی {نا بۆ سنور ، نا بۆ نەتەوە ، دركردن ودیپۆرت رابگرن}رۆژی 03.10.2009 لەشاری كۆلن لەئەڵمانیا وله18 ساڵەی رۆژی یەكگرتنەوەی هەر دوو بەشی رۆژهەڵات ورۆژئاوای ئەڵمانیا، خۆپیشاندانێكی مەزن لەلایەن كۆمەڵێك رێكخراوی پەنابەری لە هەرێمی (نۆرد راین ڤیستفالن ) وە بەسەرپەرشتی (تۆری دژ بەزۆر ناردنەوەی پەنابەران لەكۆلن)بەرێخرا ،ئامانجی ئەم خۆپیشاندانە داكۆكی كردنبوو لەمافی مانەوە بۆ 90.000 پەنابەر بوو كەوا هەڵگری دیكیومەنتی (دولْدونگ)ن واتە ئەو كەسانەی كەهەرەشەی دەركردن و بەزۆرناردنەوەی لەسەرە وهەروەها بەرگرتن بەمەسەلەی دیپۆرتی پەنابەران لەئەڵمانیا ، بەپێ ی ئاماری رێكخراوەكانی پەنابەران لەووڵاتی ئەڵمانیا زیاتر لە 180.000 كەس هەڵگری دیكیۆمەنتی (دولْدونگ)ن و پاش دەیان خۆپیشاندانی رێكخراوەكانی دیفاع لەمافی پەنابەری ، حكومەتی ئەڵمانیا بەناچار بریاریدا لەساڵی 2006 مافی مانەوە بۆ ئەم پەنابەرانە دەربكا، بەڵام لەنێو ئەم كەسانەدا كە بۆ زیاتر لە 10 ساڵە لەژێر هەرەشەی دەركردن وبەزۆر ناردنەوەدا ژیان بەسەردەبەن تەنها 70.000 كەس مافی مانەوەیان وەرگرتوە ، وە بریارە لەكۆتایی ئەمساڵدا 2009 بۆ جارێكی دیكە چاو بخشێنرێتەوە بە چارەنوسی زیاتر لە 90.000 لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی ئەڵمانیاوە بەتایبەت ئەو كەسانەی كە مەرجەكانی دابینكردنی مافی مانەوەیان دابینەكردوە و زۆربەی ئەو مەرجانەش زۆر سەختن بۆ پەنابەران، كەوا خۆی لەدابینكردنی كارو ماڵ وچەندین مەرجی یاسایی قورسی دیكە دەبینێتەوە، شایانی باسە زۆربەی ئەو پەنابەرانە لە ووڵاتانی عێراق و سۆماڵ وتوركیاو ئەفغانستان وكوسوڤۆ وە هاتون .

سەرەتایی خۆپیشاندانەكە لە (فریزن پلاتزەوە) كاتژمێر 10.00 سەرلەبەیانی دەستپێكردو بە ناوەراستی شاری كۆلندا بەرێكەوت و لەرێگادا خۆپیشاندەران دروشمەكانی (نابۆ دیپۆرت، بەڵێ بۆ مافی مانەوە بۆهەموان) و (نابۆ سنورەكان ،نابۆ نەتەوە ، دیپۆرت رابگرن ) دەوتەوە ، هەروەها دەیان پلاكارت ولافیتەی جۆراوجۆر بەرز كرایەوە كە داخوازییەكان و مافی پەنابەرانیان تییایدا نیشاندرا .كۆتایی خۆپیشاندانەكە لەبەردەم كلێسایَ (دۆم ) بوو، لەوێدا ووتاری رێكخراوەكان و كەسایەتییەكان خوێندرایەوەو ، چەندین چالاكی هونەری وموسیكی جۆراوجۆریش لەوێدا پێشكەش كرا كەوا بوە جێگای سەرنجی سەدان كەس لەرێبواران وخەڵكی تۆریست .

**دانیمارك**

## پۆلیسی دانیمارك پەنابەرێكی 72 ساڵە لەگەڵ هاوسەرەكەیدا زیندانی دەكات

مستەفای حەسەنە گەورەڕاوێژکاری فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی رایطةیاند"کەیسی حەسەن و گوڵزار پیرەمێردی 72 ساڵە و هاوسەرەکەی بۆتە وێردی سەرزمانی ئەندام پەرلەمانەکانی دانیمارکیش کەچی رۆژی 6.10 09 هەردوکیان ڕاپێچی زیندانی ساندهۆڵم کران ئەو زیندانەی هەموو پەنابەرە عیراقیەکانی بەزۆرەملێ ڕەوانانەی عیراق کرایەوەو ، بەیان سامی عەبدل ڕەحمانیش ڕآشکاوانە دەڵی ئێمە وەک هەمیشە دژی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەرانین. ئاخر خوات بێ بەیان خان هیچ کەس حەزدەکات بۆ خزمەتکاری و پۆلیسی 200 دۆلاری و ئاسایش و پاراستنی بەرژەوەندی و گیرفان پڕکردنەکانی ئێوەو ئاغاکانتان لەسەری ڕەش و قەڵاچوالان بگەڕێتەوە..

لەمێژووی وڵاتی دانیمارکدا ئەوە یەکەمجارە پۆلیس بەم شێوەیە پیرۆزی کەنیسە تێک بشکێنی و زیانیکی مادی زۆر بەکەلو پەلی ناو کەنیسەکە بگەیەنێت و پاشانیش بیەوێت لێکۆڵینەوە لەگەڵ قەشەی ئەو کەنیسەیە بکات کە داڵدەی ئەو پەنابەر عێراقیانە دابوو..

بەپێێ دوا ڕاپۆرتی دکتۆر حەسەنی تەمەن 72 ساڵ لە 29 مانگی سێپتەمبەر پشکنینی مێشکی بۆ کراوەو دەرکەوتوە کە ئەو کەسە نەخۆشەو بەهیچ شێوەیەک تواناى بەڕیوەبردنی ژیانی ئاسایی خۆی نیە، بەپێێ دەستورو یاساکانی دانیمارکیش کەسێکی نەخۆش دەتوانێت سود مەند بێت لەمافی پەنابەری مرۆیی بەهۆی نەخۆشیەکەیەوە. تەنانەت وەزیری خۆ گونجاندنی دانیمارکیش کەتاسەر ئێسقان لەگەڵ پیادەکردنی سیاسەتی پۆلیسی دانیمارکیە لەمەڕ بەزۆر ناردنەوەی پەنابەرانی عێراقی
هێما بەوە دەکات کەنەخۆشی ئەم پەنابەرە دەبێ لەبەر چاو بگیرێت..

لەلێداوانیکی هەڵسوڕاوێکی کەنیسە بەناوی یەعقوب کە بەرگریکەرێکی سەرسەختی مافی پەنابەرانی عێراقیە
ووتی"لەکۆمەڵگایەکی مرۆڤ دۆستی و دیموکراسی مەحاڵە نەخۆشێکی 72 ساڵە زیندانی بکرێت
ئێستا چارەنوسی ئەم خێزانە لە ژێر هەڕەشەی بەزۆرناردنەوەی زۆرەملی دایە..

مستەفای حەسەنە گەورە ئةوةشي ووت "ئەگەر ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان و گروپەناڕازیەکانی کەنیسەو لاوە چەپەکانی دانیمارکی فریا نەکەون!**!با بەیان سامی عەبدول ڕەحمان و دیندار زێباری و هۆشیار زێباری هەر درۆی شاخدار بکەن.."**

---


IFIR:**PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON UK:CONTACT Dashty Jamal,**

**d.jamal@ntlworld.com, Mobile:00447856032991 ,Aso Goran: asobalabarz116@hotmail.com,**

**Samera Ahmad tel:07828424164Jamal-hasan@hotmail.com 0041787557786...**

Jasim Gafur: Jasm_rg@yahoo.co.uk

ifir@hotmail.co.uk

www.federationifir.com www.csdiraq.com